# داستانی نوسراوی کوردی لەژێر ڕۆشنایی پێوەری داستانە جیهانییەکاندا(مەم و زین بە نموونە) لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری

(PP 16 - 27)

**ID No. 1869**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.6.2

**سەنگەر ناظم حسین**
بەشی کوردی، فەکەڵتی پەروەردە بەشی خوێندنی ئێواران، زانکۆی کۆیە

**ڕێزان صالح مەولود**
بەشی کوردی فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە

sangar.nadhim@koyauniversity.org

**وەگـــــــرتن : 2018/02/18**
**پەسندکردن : 2018/05/22**
**بڵاوکردنەوە : 2018/12/27**

## پێشەکی

داستان بە یەکێک لەو ژانرە گرنگانەی ئەدەبی جیهانی دادەنرێت، کە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە لەڕووی دەق و ژمارەوە کەمتر دەرکەوتووە، بەڵام لای هەر نەتەوەیەک کە خاوەنی داستانەکەیە وەکو شتێکی بەرز و باڵا سەیری کراوە و زۆرترین لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی بۆ کراوە، بۆیە ئێمەش لەم باسەدا هەوڵی ئەوەمان داوە داستانی نەتەوەیی کوردی لەسەر بنەمای داستانە جیهانییەکان هەڵبسەنگێنین و ئەوە دەربخەین، کە ئایا کورد خاوەن داستانی خۆیەتی، یاخود تا ئێستا ئەو جۆرە ژانرە لەناو ئەدەبی کوردیدا بونی نییە.

لێکۆڵینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی(داستانی نووسراوی کوردی لەژێر ڕۆشنایی پێوەری داستانە جیهانییەکاندا(مەم و زین بە نموونە)لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری)دایە و لە پێشەکی و دووبەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە باسی چەمک و زاراوە و پێناسە و مێژوو و شێوازی شیعری داستانی ، لە بەشی دوەمیش هەوڵمانداوە داستانی کوردی لەسەر بنەمای داستانە جیهانییەکان، کە تاڕاددەیەک هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشن هەڵبسەنگێنین و بە وردیش (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)مان وەک نمونە وەرگرتووە، لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانە خراوەتەڕوو، کە لە کرۆکی باسەکە پێی گەیشتوین، لەمەشدا پشت بەستراوە بە میتۆدی بەراوردکاری و لە ڕێگەیەوە داستانی مەم و زین بەراوردکراوە لەگەڵ داستانەکانی دیکەدا و ئەمەش سودەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەشێوەیەکی زانستی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئایا کورد داستانی هەیە، یا نا؟ یاخود ئەو بەرهەمانەی لە ڕابردودا بەداستانمان داناون بەپێی پێوەرە جیهانییەکان دەچنە خانەی شیعری داستانییەوە، یا نا؟

## بەشی یەکەم

### ١.چەمک و زاراوە و پێناسەی داستان:

داستان لەسەردەمەکانی کلاسیکیدا بە بەرزترین ژانری ئەدەبی هەژمارکراوە ، هەروەها بە بەرهەمێك یا دەقێکی پاشایەتی و دەرباری هەژمارکراوە ، ئەمەش بۆ ئەو شێوازو فۆرمە بەرزە ، دەگەڕێتەوە کە داستان لە خۆی گرتوە .

زاراوەی داستان لە وشەی ( EPOS ) ی یۆنانی وەرگیراوە و بەرامبەر بەمەش لە زمانی لاتینیدا وشەی ( EPICUM ) بەکاردێت و لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر بەمە زاراوەی (EPIC) بەکاردێت و لە فەرەنسیشدا (EPOPEE) و ئەڵمانیەکانیش (EPOS) بەکاردەهێنن .

لە زمان وئەدەبی عەرەبیدا بەرامبەر داستان زاراوەی (الملحمة ) بەکاردەهێنرێت ، کە لە وشەی (لحم ) ە وە وەرگیراوە و بە واتای گۆشت دێت ، هەروەها ( ملحمە) بەواتای شەڕ و کوشتار و خوێنڕێژیش دێت، فارسەکانیش بەرامبەر داستان زاراوەی (حماسە) بەکاردێنن ، کە بە فەتحی یەکەم و دووەم(مەبەست لە سەرەیە کە لەزمانی عەرەبیدا الفتحەی پێدەوترێت، لێرەدا واتە ح و م

فەتحەیان لەسەر بێت) واتای ئازایەتی و دلێری دێت و لە زمانیشدا بە مانای (سەختی لە کار و ئیش ) و (ئازایەتی و جوامێرییە) و (حَمسَ) واتە لە بارەی ئایین یا جەنگ تورە و توندوتیژە و (حَمُسَ) بەواتای دلێرو دلاوەر بوو دێت(شمیسا، ١٣٩٣، ٥٩-٦٠).

لە زمان و ئەدەبی کوردیدا وشەی (داستان) بەرامبەر ئەو زاراوانە پەسەندکراوە ، عەلائەددین سەجادی لەم بارەیەوە دەلێت : داستان و ئەفسونیش هەیە ، داستان زۆرتر بۆ نەبەردی پاڵەوانان بەکار ئەهێنرێت. وشەکە لەبنەڕەتدا (داواستان) واتا شوێنی جەنگ و شەڕوشۆر ، یا (دادستان)ە ، واتا شوێنی عەدل . (سەجادی ، 1389 : 119).

داستان بریتییە لە شیعرێکی چیرۆك ئامێزی پاڵەوانی ، نەتەوەیی و لەسەر چەند ڕوداوێك ، کە سەرسوڕهێنەر و سەرسامکەر و سەرگەرمکەرن بونیات دەنرێت .(فنسنت 1978: 79) .

ئەمەش ئەو دەگەیەنێت ، کە ڕوداوی داستان ڕوداوی دەقاودەقی مێژوویی نیيە ، بەڵکو ڕوداوێکی دەستکاریکراوە ، کە دەشێ بە ڕوداوێکی ئەدەبی جیاواز لە ڕوداوی مێژوویی ناوی لێبنرێت ، هەروەك ئەوەی، کە ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە جیاوازی نێوان شاعیرو مێژوونوس کردوە، کاتێک دەڵێت مێژوونووس ڕوداوێک باس دەکات، کە ڕویداوە، بەڵام داستانوس ڕوداوێک باس دەکات کە دەشێ ڕوبدات .

پاڵەوانانی داستانەکان سەرباری ئەوەی هەڵسوکەوتیان بە گشتیی لەگەڵ خوداوەندی ئەفسانەکان گونجاوە ، لەبەر ئەوەی شیعری داستانی تەنانەت ئەو کاتەشی ، کە قسە لەبارەی ڕوداوە مێژوویی و هاوچەرخەکان دەکات هەرگیز ئامانجی گواستنەوەی ڕوداوە ڕاستەقینەکان نییە بە وردی ، بەڵکو هەمیشە هەوڵی پێشکەشکردنی ڕوداوە میتافیزیکییەکان دەدات ، کە دەبنە نمونەگەلی بەرامبەری بۆ خو و ڕەوشتی گوێگرانی . (حجار ، 1985، :263-264).

بە باوەڕی لامارتین : داستان شیعرێکی سەردەمی منداڵیی نەتەوەکانە ، کە تێیدا مێژوو تێکەڵ بە ئەفسانە دەبێت و خەیالیش بە ڕاستەقینە ، لەو ڕوەشەوە شاعیرانیش لە پلە و پایەی مێژوونوسی نەتەوەکاندان ، ئەم نەتەوانەش لەو سەردەمەدا لە حاڵەتی گەورەبون و پەرەسەندن دان ، بۆیە هەست بە پێویستی ڕاوێژکردن لە کەسە گەورەکان و پاڵەوانانی نێوانیان دەکەن ، پاشانیش بەرژەوەندییەکان گرێدەدەن بەو جۆرە کەسە بەهێزانەوە ، کە لە کۆیلایەتی ئازادیان کردون ، یا گواستویانەوە بۆ پلەیەکی شارستانییەت ، لەبەرئەوە بە گرنگییەوە ڕێزی لێدەگرن و بیرەوەرییەکانیان لە گۆرانییە میللییەکان تۆمار دەکەن و داستان شتێك نییە ، جگە لە شیعرێکی خوددی پاڵەوانییەتی .( فنسنت ،1978: 79-80) .

بەڵام (ڤیلمان) داستان بە بەرهەمێکی پڕ زانست و زانیاری نەتەوەیی دادەنێت و لەو بارەیەوە دەڵێت : پێویستە داستان تەواو بێت لە ڕوی خەیاڵ و لە ڕوی داب و نەریتی نەتەوەوە ، هەروەها پێویستە ببێتە ئینسکلۆپیدیای سەردەم و نەتەوەکەش پێکەوە . (فنسنت،1978: 86).

( د . شوکریە رسول ) لە پێناسەی داستاندا دەڵێت : ((شیعری مەلحەمی شیعرێکی چیرۆك ئامێزە سەرگوزشتەیەکی ڕوداو دەگێڕێتەوە ، کە بە ژیانەوە بەستراوە ، ڕاستی ژیان لە دەرونی خاوەن بەرهەمەکە دەهێنێتە دەرەوە وێنەی قارەمانێتی و ئازایەتی مرۆڤ پیشان دەدات لەوانەیە ڕوداوەکە ڕاستەقینەبێت ، بەڵام بەهۆی تێك هەڵکێشی لەگەڵ خەیاڵێکی فراوان لە واقیع بەرز دەبێتەوە و لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێ ، بۆیە ڕاستی لە خەیاڵ جیاناکرێتەوە)). (رسول ، 1989 :88) .

یا ((داستان بریتییە لە گێڕانەوەی چەند ڕوداوێکی مەزن لە بەرەبەیانی مێژووەوە ، کە لە پێناوی پاراستنی غیرەت و شەڕەفی نەتەوەییدا بە هۆنراوە وتراون ، یا نوسراون ، لەم پاڵەوانێتییانەی پەیوەست بە سەردەمەکانیانەوە دەستی ئادەمیزاد لەگەڵ دەستی خوداوەند و فریشتەکان تێکەڵە ، لەبەرئەوە شتێکی ئاساییە ، کە ڕوداوەکان هەمویان ڕاستەقینە نین ، بەڵام بۆ جوڵاندنی چێژی ئادەمیزاد و زیادکردنی توانای لە تێگەیشتنی جوانی پەرستی بۆ پەرەسەندنی زمان و دروست کردنی ئارامگەیەکی ڕۆحی بۆ مێشك، لە مێژووی پەرەسەندنی هونەردا، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە)).( ئەبوبەکر ، 2007 : 50).

### ٢. کرۆک و مێژووی داستان:

جیهانی داستان جیهانێکی پڕ سەیر و سەمەرە و خەیاڵییە ، بەرامبەر بەمەش دیوەکەی تری بریتییە لە واقیع ، بەڵام ئەم دولایانە بە کارزانیەوە لە داستاندا تێکەڵاو دەبن و جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە ، داستان دەشێ وەکو فەلسەفەیەکی مرۆیی سەرەتایی سەیر بکرێت ، چونکە جیهانێکی پڕ لە بیرکردنەوە و شتی هەست پێنەکراو و بیرۆکەی نوێیە ، لەبەرئەمەش بە کۆنترین و وروژێنەرترین ژانری ئەدەبی دادەنرێت ، هەرچەندە داستان لە کردار و جەنگ و پاڵەوانێتی دەدوێت لەگەڵ وڵاتگیری(فتوحات) ، بەڵام جۆراوجۆر و هەمەجۆرترە لە واتا و چەمکەکانیدا .

داستان پەیوەستە بە قۆناغێك ، کە هۆزو تیرە جۆراوجۆرەکان یەکیان گرتوە و بەرەبەرە میلەتێکیان پێکهێناوە ، لەم ڕوەوە داستانی هەر میللەتێـك دەرخەری ئامانجەکـانی ئەو مـیللەتە و هەوڵ و تێکۆشـانی ئەو مـیللەتەیە لە پێنـاو سـەربەخۆیی و سـەرفرازی بـۆ نەوەکانی داهاتو دەگێڕێتەوە .

لە داستاندا قسـە لە بـارەی شـتە یەکەمینەکـانە ، وەکـو کـێ یەکەمجـار ئـاگری دۆزیەوە ، یـا کـێ یەکەم جـار نوسـینی دۆزیـەوە و سەرەتاییترینی هەوڵە زەمینیەکانی مرۆڤ لە ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ بابەتەکانی وەك ژیـان و مـردن و عیشـق و نەفـرین و ڕابـردو و فیداکاری لە داستاندا دەخرێنەڕوو ، لەم ڕوەوە داستان پەیوەستە بە زەمەنێکەوە ، کە مرۆڤ هەستی پەیداکردوە و مێـژووی خـۆی لە پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ ڕونکـردنەوە و لێکـدانەوەی جیهـانی سـەرەتایی و چـاخی پەیـدابون دەخـاتەڕوو ، ئەو لە بەرامـبەر خوداوەندان و جیهانێکی نەناسراودایە ، لەبارەی ناسینی جیهاندایە و بە مەعریفەکانی خـۆیەوە نـاو لە شـتەکان دەنێـت .(شمیسـا ، 1393: 59-60) .

ئەوەی جێگەی سەرەنجە لە پەیدابونی ژانری داستاندا ئەوەیە، کە داسـتان زیـاتر لە گەلانی بـت پەرسـتەوە نزیکـە وەك لە گەلانی یەکتاپەرست ، لەبەر ئەوەی ئازادی زیاتریان لە بوارەکانی ئایین و بیر و باوەڕدا هەیە (غریب ،؟ : 6).

خالێکی دیکەی داستان ئەوەیە ، کە تاوەکو دەرنگتر بنوسرێتەوە ، ئەوا ڕەسەنێتی و پاکی زیاتر لەدەستدەدات و گۆڕانکـاری زیـاتری تێدادەکرێت ، هەر داستانێك بگرین لە پێش نوسینەوەیدا دەما و دەم و زار بە زار گێڕدراوەتەوە ، ئینجا دوای سەدەیەك، یا چەنـد سەدەیەك شاعیرێك یا چەند شاعێرێك هاتون و ئەم داستانانەیان لە شکلێکی ئەدەبی تۆمارکردوە ، جـگە لەوەش تـاوەکو داسـتان درەنگتر بنوسرێتەوە کەمتر بـارودۆخ و داب و نەریـتی کـۆمەڵایەتی و سروتە ئاینییەکـان و شـێوە و شـێوازی مرۆڤەکـانی سـەردەمی ڕودان و پەیـدابونی داسـتانەکەی تێـدا دەردەکەوێـت ئەمەش لەبەرئەوەی تۆمـارکەری ئەو داسـتانە ڕوبەڕوی دو قۆنـاغ دەبێـتەوە، قۆناغی سەردەمی سەرهەڵدانی داستانەکە و قۆناغی سەردەمی نوسینی داستانەکە، یاخود سـەردەمی خـۆی ، لەوەشـەوە بـیەوێ یـا نەیەوێت ، کەم تا زۆر کاریگەرییەکانی سەردەمی خـۆی تـێکەڵاو دەبێـت ، ئەگەر هـیچ نەبێـت لە ڕوی زمـانەوە کـار لە بەرهەمەکە دەکرێـت ، لێرەشـدا کەسـایەتی شـاعیر، یـا ئەوەی کە داسـتانەکە بونیـات دەنێـتەوە ڕۆڵـی بەرچـاوی لە ڕەسـەنێتی و بڵاوبـونەوەی بەرهەمەکە و بە بەرزی مانەوەی هەیە ، شاعیرێك ، کە دەست بۆ ئەو کارە ترسـناکە دەبـات ، ئەگەر خـاوەن ڕۆحێکـی نەتەوەیـی و میللی بێت و لەبەرهەمەکەیدا هیچ کات لەو ڕۆح و واتایە دورنەکەوێـتەوە، ئەوا بەرهەمەکەی بە خێرایی لەنێـوان خەڵـك ناوبانـگ پەیدادەکات و دەم بەدەم دەگەڕێت و بڵاودەبێتەوە و گێڕەروان لە جیاتی گوێزانەوەی گێڕانەوە پەراگەنـدەکانی پێشـوو سـود لەو بەرهەمە وەردەگـرن و لە ئەنجامـدا چیـرۆك و گێرانەوەکـانی پێشـینان بەرەبەرە لە نـاو دەچێـت و پاشـماوەیەکیان لەنێـو خەڵکیـدا نامێنێتەوە .(صفا ، 1321 : 13) .

لە ڕۆژانی ڕودانی روداوە پاڵەوانێتییەکانـدا مـرۆڤ تەماشـکەر و بیـنەری ڕوداوەکـانە ، کە لە حەقـیقەت و واقیعـدا ، لەگەڵ کـار و کردەوە ئاساییەکانی مرۆڤدا ئەوەندە جیاوازنین ، بەڵام ئەنجامێك کە لەم کارانەوە وەردەگرێت ( وەکو بونی سەربەخۆیی نەتەوەیی و ڕاونانی دوژمنان و خراپەکاران و توندوتۆڵکردنی بونیاتی نەتەوەیی) لەسەر بەرهەمەکە ، کە بەها و گرنگییەکی هەیە بە شێوەیەکی پلەیی ئەو کارانە لە پێش چاوی نەوەی ئایندەدا گەورە دەکات و چەنـد شـتێکی بـۆ زیـاد دەکرێـت و پاڵەوانێـك کە لە بیروباوەڕیـان ماوەتەوە ، بە شێوەیەکی پلەیی دەگاتە پلەیەکی بڵند لە سەروی دەسەڵاتی مرۆڤەوە و کارەکانیان وەکو سەیرو سەمەرە دەردەکەوێت.

لە ڕوویەکی دیکەوە چەند کارێك ، کە بەپێی کات و سەردەمە بەدوای یەکدا هاتوەکان شـێوەیان گرتـوە بەشـێوەی پلەیی(تـدریجی) مەودا زەمەنی و شوێنییەکانی خۆیان لە دەست دەدەن و پەیوەست دەبن بەیەکترییەوە وەکو زنجیرەیەکی هـۆ و هۆکـار بە شـێوەی ڕوداوێکی ڕێکوپێك دەردەکەون و ئەم چیرۆکـانە ، کە لە سـەرەتای کـارەکەدا کـورتن بەرەبەرە بەهـۆی گـوێزانەوە و گـوێزەرەوان و گێڕانەوەوە لق و پۆپی بۆ زیـاد دەکرێـت و چـڕ و پڕتـر دەبێـت و ئامـانجە نەتەوەیـی و مەبەسـتە نەتەوەییەکـان زیـاتر تێیـدا ڕەنـگ دەدەنەوە.(صفا، 1321 :8).

داسـتان ڕەنگـدەرەوەی شارسـتانیەت ، یـا بەشـێك لە شارسـتانییەتی نەتەوەیە لە چرکەسـاتێك لە چرکەسـاتەکانی پەیدابونیـدا لەم ڕوەشەوە وتویانە :هەر میللەتێك بە تەنیایی و بە چێژو زەوقی خۆی بەرهەمهێنەرو دامەزرێنەری داستانی خۆیەتی و شـاعیران تەنیـا کارکەرو کرێکاری تۆمـارکردن و ڕێکخسـتنی بەرهەمەکەن و هـۆنراوەیەکی داسـتانی ناشـێ قـابیلی مـانەوە بێـت ، مەگەر ئەوەی بەو مەرجە بێتە بون ، ئەگەر هۆنراوەی شـاعیرێکی داسـتانی بە شـێوەیەکی سـەرەکی و بنچینەیـی پشـت بـەو مەرجـە نەبەسـتێت، ئـەوا ڕەنجەکانی بە ئەنجامێك ناگات .( صفا ، 1321 : 9) .

ژانری داستان وادەردەکەوێت ، کە وەکو چنینی داوێکە بۆ تۆڕی پەیوەندییە قوڵەکانی نێوان شارستانییەتە کۆنەکان . (حجار، 1985: 278).

مێژووی شیعری داستانی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە کە گرنگیترینیان بریتین لەم سێ قۆناغە :

1- قۆناغی گوزارشتکردن لە قەیرانی بونگەرایی ، سەبارەت بەوەی ،کە چی لەو دیوی بـونەوە هەیە ، لەو ڕووەوە تـێکەڵەیەکە لە ڕۆحانیەت و ماددییەت ، عەقیدە و خورافات ، ڕاستی و ئەفسانە .

2- قۆناغی گوزارشتکردن لە قەیرانی کۆمەڵایەتی لە ململانێتی بوندا.

3- قۆناغی گوزارشت کردن لە قەیرانی نەتەوایەتیدا .( غریب، ؟: 7) .

### ٣.شێوازی شیعری داستانی

مەبەست لە شێواز، فۆرم و ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبییە ، داستان لەگەڵ تەواوی ژانرە ئەدەبییەکانی دیـکە جیـاوازییەکی بنەڕەتـی تێدا دەبینرێـت ئەمەش لە ڕوی سـەختی و تونـدوتۆڵی ڕێسـاکانییەوە، لەبەرئەوەی داسـتان فـۆرمێکی ئەدەبـی درێـژی هەیە ، بـۆیە پێویست دەکات ، کە نوسەرەکەی لە ڕوی هەناسەی شیعرییەوە پشو درێژبێـت و پێشـوتر چەنـد فـۆرمێکی دیـکەی شـیعری تـاقی کردبێتەوە ، بەڵگەی ئەمەش لای زۆربەی نوسەرانی داستان بەرچاو دەکەوێت ، ڤیرجیل لە پێش ( ئەنیادە) دا چەند فۆرمێکی دیکەی وەکو شیعری فێرکردن (گۆرگیاس و لەبارەی کشتوکاڵ)ەوەی تاقی کردۆتەوە و لەتەمەنی کامڵبوندا دەسـتی کـردوە بە داسـتانەکەی ، هەروەها دانتی پێش کۆمێدیا چەند بەرهەمێکی لیریکی و زمانەوانی تاقیکردۆتەوە ، ئینجا لە تەمەنی سی و پێـنج سـاڵی دەسـتی بە کۆمێدیا کردوە و هەر یەك لە مانەش چەند مانگێك پێش کۆچی دوایـیان داسـتانەکانیان تەواو کـردووە ، تەنـانەت دەوترێـت چەنـد جارێك (ڤیرجیل) ویستویەتی داستانەکەی بسوتێنێت ، هەروەها ئەگەر بە وردی سەیری داستانەکە بکرێـت هێشـتا شـوێنی هەنـدێ دێر بە بەتاڵی ماونەتەوە ، کە شاعیر هەمیشە دەسکاری تێداکردوە و گۆڕیویەتی ، تەنانەت تا کاتی مردنیشی نەیتوانیوە بەتەواوەتـی دەستبەرداری بێت. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ ئەم کتێبە (شعر اليوناني تراثـا عالميـا و انسـانيا، د.احمـد عـثمان، عـالم المعرفـة، 1984.)

لە داستاندا شاعیر هیچ کات هەڵچونە کەسـییەکانی خـۆی تێکـەڵی بنچینـەی چیرۆکەکـە ناکـات و چیرۆکـەکان بـە پـەیڕەویکردن لـە ئارەزوەکانی خۆی ناگۆڕێت و بەشێوەیەکی تازەی وەها، کە خۆی پەسەندی بکات، یا هاوچەرخانی بیخوازن نیشانناداتا.

بەم شێوەیە سەرگوزەشتە، یا خستنەڕوی ئازایەتی پاڵەوانان و ئەو کەسانەی، کە وەسفیان دەکـات هـەرگیز خـۆی تێکـەڵ ناکـات و بەناوی خۆی و ئارەزوی خۆی لەبارەی ئەوەوە داوەری ناکـات، لـەم ڕووەوە شـیعری داسـتانی تـا ئەندازەیـەك لـە شـیعری شـانۆیی دەچێت و لەگەڵ شیعری لیریکیش تەواو پێچەوانە دەبنەوە.( صفا، 1321: 4-5)

لەڕوی کێشەوە ، گشت داستانە جێماوەکان ، کە بە شیعر نوسراون هەڵگری کێشێکی تـایبەتن ،کە لای یۆنـانی و ڕۆمانیەکـان کێشـی شەش هەنگاوی ، لای نەتەوەکانی دیکەش داستان جۆرە کێشێکی بەکارهێناوە، کە لە کێشە قورس و سـەنگینەکانن ، ئەمەش وەکـو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ، چونکە بۆ خەڵکی ئاسایی نەنـوسراوە ، بـۆیە پێویسـتی بە کێشـێك بـوە ، کە لەگەڵ خـوێنەرە دەگمەنەکەیـدا بگونجێت، لەلایەکی تریشەوە زۆری ژمارەی دێرەکانی بارقورسیەکی دیکە دەکاتە سەر کێش ، چونکە شـاعیر کە کێشـێکی بـەکارهێنا لەسەریەتی تا کۆتایی پەیڕەوی لێ بکات .

سەبارەت بە (سەروا ) ش مەرج نییە گشت داستانێك سەروادار بێت ، هەروەکـو ئەوەی ، کە دەیبیـنین (گلگـامیش) کێشـدارە بەڵام سەروادار نییە ، هەرچەنده بـونی سـەروا دیمەنێکـی قەشـەنگ و بەرزتـر بە داسـتانەکە دەبەخشـێت و زیـاتر کـاریگەریی دەبێـت ، ژمارەیەکی زۆری وەکو داستانەکانی ( کۆمێدیا و بیۆوڵف و شاهنامە ......) سەروادارن .

لەڕوی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە داستان زیاتر لەهەر هونەرێکی دیکەی شیعری سودیان لێ وەردەگرێت ، بەڵام پێویستە خواستن و لێکچوانەکانی ئێو داستان قوڵ و پتەوبن و لەگەڵ زەین و و بیری خـوێنەری تـایبەتی داسـتان گونجـاو بـن ، لـە لایـەکی تریشـەوە پێویستە لەگەڵ بونیاتی جەستەیی و کار و کردەوەی خوداوەند و پاڵەوانان بگونجێت ، ئەمەش لەبەرئەوەی داستان باس لە کەسانی ئاسایی ناکات ، کار و کردەوەکـانیش ئاسـان و ئاسـایی نـین ، بە گـۆڕانی ئەم دوەش بێگومـان لایەنە ڕەوانبێژییەکـانیش دەگـۆڕێن ، سەرەڕای ئەمەش زمانی داستان زمـانێکی ڕازاوە و هەڵبـژاردەیە، لە زۆربەی کاتەکانـدا زمـانی چینـی دەسـەڵاتدار، یـا چینـی بەرزی کۆمەڵگەیە (جگە لە چەند نمونەیەکی کەمی وەکو کۆمێدیای خودایی دانتی کە زمانی خەڵکی ڕەشـۆکە ) لەبەر ئەوە لەسـەر شـاعیر پێویستە جوانترین و بەپێزترین وشە و ڕستەکان هەڵبژێرێت و خۆی بە دوربگرێت لە گوزارشتی نزم و سواو.

لە ڕوی بابەتەوە بە هەمان شێوەی لایەنەکانی دیکە داستان لە بابەتێکی بەرزو گرنـگ دەدوێـت و سـەرقاڵی دوانـدنی خوداوەنـد و پاڵەوانە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانە ، لەبەرئەوە کەشی دیـوی نـاوەوەی داسـتان پێویسـتە گونجـاو و هاوتابێـت لەگەڵ کەسـایەتی و ڕوداوەکان ، واتە شاعیر پێویستە بابەتێکی وەها هەڵبژێرێت ، کە لای خوێنەرانی داستان بەرزو بەهادار بێت .

لەسەردەمی کلاسیکی کۆن و نوێدا دەبوایە بابەتەکان لە ئەفسانەی خوداوەند و قارەمانەکانەوە وەرگیرابان بۆ داستان ، چونکە ئەو بابەتانە زیاتر کاری لە دڵ و دەرونی خەڵك دەکرد ، وەك لە بابەتێکی دیکەی چینێکی دیاریکراو، هەرچەندە ئەو لایەنە سەبارەت بە گشت داستانێك لە ڕۆژهەڵاتیش ڕاستە هەروەك ئەوەی (شاهنامەی فیردەوسی ) و (مەم و زین ) ی خانی ، بابەتەکانیان چینی سەرەوەیە، هەر لەڕوی بابەتەوە شاعیر ناچارە بە شێوەیەکی فراوان پەنا بباتە بەر ئەفسانە، کە کەرەسەیەکی سەرەکییە لە دارشتنی زۆربەی داستانەکاندا ، ئەمەش لەبەرئەوەیە ، کە داستان تا سود لە ئەفسانە وەربگرێت ئەوەندە بەرزو باڵاتر دەبێت و چێژی زیاتر دەبەخشێت ، جگە لەمەش شاعیر زیاتر پێویستی بە ڕەگەزی خەیاڵ دەبێت بۆ تێکەڵاوکردنی ئەفسانە و واقیع ، چونکە هەر داستانێك بگرین هەر دو دیوی واقیع و ئەفسانەیی تێدایە ، ئەم دو ڕوەشی بەهۆی خەیاڵەوە توندوتۆڵ شەتەك دەدرێت ، کە جیاکردنەوەیان کارێکی سەخت دەبێت .

**بەشی دووەم**

**1 .پێشینەی داستانی کوردی :**

سەبارەت بە داستانی کوردی لە سەرەتاوە بەو پرسیارە تەقلیدییە دەست پێ دەکەین ، کە ئایا کورد داستانی هەیە ؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لە ڕابردودا مایەی کێشە و دەمەتەقێیەکی زۆر بوە پێویستە ئاماژە بە هەندێ ڕاستی بکرێت ، کە لە کرۆکی پرسیارەکە خۆیان حەشارداوە .

ئێمە دەڵێین پێویستە لەو ڕوانگەیەوە سەیری داستانی کوردی بکرێت ، کە هەر نەتەوەیەك بە پێی پلەی شارستانییەت و چێژی تایبەتی نەتەوەیی خۆی خوڵقێنەر و داهێنەری داستانی خۆیەتی.

زۆربەی لێکۆڵەرانی بواری داستاننوسی کوردی زیاتر قسەیان لەبارەی داستانی فۆلکلۆری کردووە تا نووسراو، هیچ پێوەرێکی جیهانییان بەداستانبوونی دەقەکانیشیان دەستنیشان نەکردووە، لەوانە دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی)دا دان بە بونی داستانی کوردیدا دەنێت و دوو جۆر داستانی فۆلکلۆری (داستانی قارەمانێتی و داستانی دڵداری و ئەڤین ) لەیەکتری جیادەکاتەوە .( ڕەسوڵ,1979 : 42-55) ئێمە چەند تێبینییەك لەسەر ئەو بۆچونە تۆمار دەکەین لەو ڕوانگەیەی کە مەرج نییە هەر بەرهەمێك ڕویەکی درێژتر لە لیریك یاخود لایەنێکی قارەمانێتی وەرگرتبێت بەداستانی فۆلکلۆری هەژمار بکرێت , بەو واتایەی ئەمانە چیرۆك و سەرگوزشتەی کورتن و بابەتەکانیان تەنیا لە دەوری لایەنێکی وەکو عیشقێکی سەرەتایی نێوان دوو کەس یا شەڕوشۆڕێکی نێوان دوو هۆز ، یا بنەماڵە و تیرە دەخولێنەوە و هیچ لایەنێکی تامەزرۆکەر و سەرسورهێنەری ئەوتۆی تێدا نییە ، کە مرۆڤ بە ڕادەیەك سەرگەرم بکات ، یاخود بتوانێت هۆشی مرۆڤ بەرەو لێکدانەوە و پێشبینی کردن ببات, هەروەها فەلسەفەیەکی قوڵیش لە پشتی ئەو دیمەن و ناوەڕۆکانەوە نییە ، کە خراونەتەڕوو ، کە ئەمانە وەکو خاسیەتی گشتی داستانی فۆلکلۆری لەناو گەلاندا سەیر دەکرێن , جگە لەمەش ئەگەر سەیری داستانەکانی دونیا بکرێت چ ڕۆژهەڵاتی و چ ڕۆژئاوایی ، ئەوا ئەو ئەرکە سەرەکییانەی لە داستاندا دەبینرێت لە داستانی فۆلکلۆری کوردی بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەون وەکو ئەرکی بەزاندنی دوژمن و یاخود دروستکردن و داهێنانی شتێك لە نەبونەوە , یانیش هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و بونیاتنانی قەوارەیەك , یان وڵاتگیری ...هتد، بەڵکو بەشی زۆریان بریتیین لە شەڕی پاڵەوانێك لە نێو خودی ئەو وڵاتە و لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا و بە دەگمەن داستانی کوردی فۆلکلۆری دەبینرێت ، کە سنوری وڵاتان ببەزێنێت واتە پانتایی داستان لە داستانی کوردیدا , بریتییە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك ,کە ئەمەش پێچەوانەی ڕەگەزی داستانی وڵاتانی دیکەیە جا چ فۆلکلۆر بن , یاخود نوسراو.

سەبارەت بە داستانی ڕۆژهەڵاتیش واتە ئەو داستانانەی ، کە لەلایەن نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات دەگێڕدرێنەوە لە ڕاستیدا هیچیان نەگەیشتونەتە پلەی داستانی بەڵکو زیاتر بە پاشکۆ و شوێنکەوتەی بەرهەمێکی گەورەی داستانی یەکێك لەو وڵاتانە دادەنرێت , شانامەی کوردی ڕوستەم و زۆراب ، کە ڕەنگە زۆر کەس وەکو داستانێکی کوردی سەیری بکات لەژێر ڕۆشنایی شاهنامەی فیردەوسی هۆنراوەتەوە ,هەروەها ئەگەر لەیل و مەجنون ، یاخود شیرین و فەرهاد بە داستان دابنرێت ,ئەوا داستانەکانی خۆمان هێشتا زیاتر لە پلەی داستانی نزیکتر دەبنەوە وەك لە ئەوان , چونکە لە ڕاستیدا تەنیا درێژی و گێڕانەوە بەرهەمێك ناکات بە داستان ,بەڵکو بابەت و فەلسەفەی پشت چیرۆکەکەش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە داستانەکەدا, کە هەریەك لە بەرهەمەکانی (خەج و سیامەند) و (لاس و خەزاڵ) و (زەمبیل فرۆش) بابەتێکی تایبەتی وابەستە بە تاکە کەسێك لەخۆدەگرن و ئەو بابەتەش بریتیە لە خۆشەویستی کوڕێك بۆ کچێك ، یاخود خۆشەویستی کەسێك لە پێناوی خودا و خراپە نەکردنە, واتە بونیاتەکانیان بونیاتی تاکەکەسی و خودین و شۆڕنابنەوە بۆ بابەتیەتی دەق ، کە لەداستاندا خاڵێکی گرینگە ,ئەگەر لە شوێنێك گۆیندە بەجێناوی کەسی (تۆ, یا ئەو) قسە بکات

ئەوە ئاماژە نیيە بە بە داستانکردنی دەقەکە, چونکە ئەم ڕەگەزەش (گێڕانەوەی بابەتی) مەرجێکی سەرەکی نیە ، کە لە هەمو داستانێکدا هەبێت , بەڵکو زۆر شیعری لیریکیش هەن لەسەر ئەو شێوازە دەهۆنرێتەوە , هەروەها دەشێ داستان وەکو ئەوەی دانتی کردویەتی بە زمانی یەکەمی تاك (من) بهۆنرێتەوە .

هەروەها لە ڕاستیدا زاراوەی (داستانی ڕۆژهەڵاتی) یش زاراوەیەکی پڕ لە گومان و ناڕونییە , چونکە هەر بەرهەمێکی داستان مەرجە پابەند بێت بە نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە ، کە تایبەتمەندی ئەو نەتەوەیەی پێوە بێت , خۆ ئەگەر چیرۆکەکە هی وڵاتێك بێت لەڕوی ناوەڕۆکەوە یەکێکی دیکە وەری بگرێت و خاسیەت و داب و نەریتی نەتەوەی خۆی لەسەربار بکات ئەوا ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبێتە حیکایەتێکی فۆلکلۆری هاوبەش, بەڵام لە ڕاستیدا , ڕوداوە مێژووییەکەش هەرگیز ون نابێت وەك ئەوەی چی لە (لەیلا و مەجنون ) بکرێت و لە هەر قالبێکدا نیشان بدرێت ئەوا هەر چیرۆکەکەی چیرۆکێکە وابەستەیە بە نەتەوەی عەرەب , یا (شیرین و فەرهاد) چ عەرەب بیگێڕێتەوە یا تورك , یا فارس , ئەوا هەر حیکایەتێکی دڵداری کوردییە , ئەمەش لەبەر ئەو شوێنەی، کە بونیاتنانی چیرۆکەکە تێیدا ڕویداوە , لەبەرئەوە ئەگەر شیرین و فەرهاد لە پۆشاکێکی مۆدەی ئەورووپیش دابن , ئەوا هەر کوردین.

سەبارەت بە بینای هونەریش ، کەوا باوە لە دەقی فۆلکلۆری زیاتر نەریتێکی نەتەوەییان هەیە لەڕوی کێش و سەرواوە, هەندێکجار دەقەکان لەسەر شێوەی شیعر و هەندێجاری دیکەش , شێوەی پەخشان دەبینرێت ، بەڵام لەو دەقە فۆلکلۆرییە کوردییانە زۆرجار ڕووبەڕوی ئەوە دەبینەوە ، کە لەڕوی کێشەوە یا سەرواوە دەقەکان تەواونین و ڕەنگە نیوە دێڕێکی کورت و نیوە دێڕێکی یەکجار درێژ بەدوای یەکدا بێت ,ئەمەش بێگومان لەگەڵ چێژی وەرگر یا گوێگری داستان تاڕاددەیەک نەگونجاوە ,چونکە بمانەوێت، یا نەمانەوێت داستانی لە ڕوی هونەرییەوە پێویستە شێوازێکی بەرزی هەبێت لەچاو دەقە فۆلکلۆرییەکانی دیکەی سەر بەهەمان ئەدەب, هەروەها لە گێڕانەوەشدا گەلێ جار ناوی خودی گێڕەڕەوەی تێدەکەوێت ,هەروەکو لەو بەیتانەی کە (ڕەحمان بەکر) بۆ ئۆسکارمانی وتوە زۆربەیان لە کۆتاییدا ناوی خۆی تێدا هێناوە ، لەبەر ئەم هۆکارانە پێوان و بەراوردکردنی داستانی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ داستانی گەلانی دیکە تووشی جۆرە بێئومێدییەکمان دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو پێوەرانەی یا ئەو خاڵانەی کە لەداستانی فۆلکلۆری گەلانی دیکە دەبینرێت لە داستانی فۆلکلۆری کوردیدا کەمتر ڕەنگیان داوەتەوە, لەبەرئەوە چاکترە وەکو حیکایەتی فۆلکلۆری حیسابیان بۆ بکەین ، هەرچەندە بە شیعریش داڕێژرابن ,یاخود وەکو بەیت یا قەول و بەند و باوی فۆلکلۆری دابنرێن و بەژانرێکی سەربەخۆی فۆلکلۆری کوردی حیسابیان لەگەڵ بکەیت , چونکە لەکاتی بەراوردکردنی ئەم دەقە فۆلکلۆریانە لەگەڵ داستانێکی فۆلکلۆری فەرەنسی وەک(ڕۆڵاند) یا داستانی ناوزێیان(گلگامێش) بە ئەنجامێک دەگەین ، کە ئەم دەقانە لەسەر شێوەی حیکایەتێک دەردەکەون بەرامبەر داستانە جیهانیەکە، بۆیە دێینەوە سەر ئەو خاڵەی کە لەپرسیارەکەدا خستمانەڕوو و وەڵامەکەی بەو شێوەیە دەبێت، کە کورد بەپێ پلەی شارستانیەتی خۆی جۆرە دەقێکی فۆلکلۆری هەیە کە خاسیەتی تایبەتی ئەم ئەدەبەی پێوەیە و کەم تا زۆر جیایە لە داستانە فۆلکلۆرییە جیهانیەکان.

## 2. داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی

هەروەکو پێشوتر ئاماژەمان بەو خاڵە گرینگە دا ، کە سەرهەڵدانی داستان وابەستەیە بە پەیدابونی بیری نەتەوەییەوە, ئەو بیرە نەتەوەییەش لەناو کورددا بەشێوەیەکی سەرەتایی بۆ دوای شەڕی چاڵدێران ( 1514ز) ی نێوان فارس و تورکەکان دەگەڕێتەوە , کە کوردەکان بەچەشنێك هەستیانکرد بەشخوراون لە نێوان ئەو دو دەسەڵاتە گەورەیە دا ، لەمەوە هەندێك بنچینەی سەرەتایی بۆ سەرهەڵدانی شیعری کلاسیکی کوردی لەلایەك، لەلایەکی تریش بۆ پەیدابونی ژانری داستان سەریهەڵدا. سەرەکیترین و چاکترین هەوڵیش لەم بوارەدا بریتیین لە بەرهەمەکانی (فەقێی تەیران) کە چەند بەرهەمێکی چیرۆکی ، یا گێڕانەوەیی نوسیوە و بەسەرەتایەکی گرینگ دادەنرێت لەبواری داستاننوسی کوردیدا ، بۆیە ئێمە لێرەدا بەکورتی باسی ئەم هەوڵە دەکەین.

فەقێی تەیران دەستڕەنگینی نواندوە لە تۆمارکردنی چەند چیرۆکێکی میللی بەشێوەی شیعری ، ئەم چیرۆکانەش هەرچەندە ناوەڕۆکێکی کوردییان هەیە، زیاتر دیمەنی ئایینی و سۆفیگەری بەسەریاندا زاڵە .

1- چیرۆکی شیعری شێخی سەنعان : هەرچەندە ئەم بەرهەمە زۆر پێش( فەقێی تەیران) لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا باوبوە و لای فارسەکان سەرچاوەیەك بوە بۆ شیعری سۆفیگەری , بەڵام لەناو کورددا یەکەمین کەس فەقێی تەیران لە چیرۆکێکی سەرزارییەوە کردویەتی بە بەرهەمێکی چیرۆکی نووسراو.

ئەم بەرهەمە بریتییە لە 313 دوبەیت و لە هەندێ نوسخەشدا 334 دوبەیتە و بابەتەکەی لەبارەی عاشقبونی شێخێکی ئیسلامییە لەگەڵ کچێکی مەسیحی و لە دەست دانی پلەوپایەی ئیسلامییەتی شێخە بەرامبەر بە جوانی کچە گاورێك و ئەمەش

بریتییە لە كرۆكی عەشق ، كە لەسەروی گشت نەتەوە و ئایینێكەوەیە , بەڵام شێخی سەنعان لای فەقێ كراوەتە كورد و كچەكەی كراوەتە گاورێكی گورجی .

2- زەمبیل فرۆش : فەقێ ئەم بەرهەمەشی لە ئەدەبی سەرزارییەوە وەرگرتوە و لە دەقێكی چیرۆكی شیعری دایڕشتۆتەوە و قارەمانەكانی ئەو بەرهەمەش كوردن و بەرهەمەكە لە(60) چوارین یا 240دێڕە شیعر پێك دێت .

3- بەیتی دمدم : دراوەتە پاڵ فەقێی تەیران و بابەتەكەی هەمان بابەتی حیكایەتی قەڵای دمدمی خانی لەپ زێرین و شاعەباسە و لە(2268) دێڕە شیعر پێكهاتوە (67چوارین) و كێشی خۆماڵی حەوت بڕگەییە و سەرواى (ا ا ا ا) (ب ب ب ب) (ج ج ج ج ) ە.

4- بەیتی ئەسپی ڕەش : ئەمەش ناوەڕۆكەكەی پەیوەستە بەشەڕەكانی ئیسلامەوە و پاڵەوانەكەی ئیمامی عەلیە ، كە خەون دەبینێت ئیسلامەكان بارودۆخیان لەشەڕدا خراپە لە قەفقاس و دەستبەجێ شمشێرەكەی هەڵدەگرێت و سواری ئەسپی دوڵدوڵ دەبێت و بەچاونوقانێك دەگاتە موسڵمانان و كافرەكان لەناو دەبات. (خەزنەدار ,2010 : 210,230,243,244)

5- بەیتی بەرسیسی عابید : ئەم چیرۆكەش باس لە پیاوێكی خواناسی حەفتا ساڵە دەكات ، كە لەلایەن شەیتانەوە فریو دەدرێت و توشی زینا و مرۆڤ كوشتن دەبێت و فەقێ لە 211 چوارێندا واتە(422) دێڕە شیعر بەرهەمەكەی هۆنیوەتەوە لەسەر كێشی ڕەجەز و ڕەمەل ڕێكخراوە.بڕوانە (تەیران، عبدالرقیب یوسف , 2000)هەروەها (خەزنەدار, 2010: 213-246)

6- بەیتی ئاڤ و ئاڤ : كەزیاتر بەیتێكە لە جوانی سروشت دەدوێت.

7- بەیتی دلۆ ڕابە :كە چیرۆكێكی شیعرییە و بە چوارین هۆنراوەتەوە لەسەر كێشی هەشت بڕگەیی خۆماڵی و سەرواى سێ نیوە دێڕ وەكو یەكە و هی چوارەم بریتییە لە دەنگێكی جیاوازدا كە دەنگی (ە), بەرهەمەكە (77) بەند لەخۆ دەگرێت (خەزنەدار , 2010: 264).

هەرچەندە ئەم بەرهەمانە لەسەر شێوەی چیرۆكی شیعری هۆنراونەتەوە , بەڵام بەشێوەیەكی گشتی توانای شاعیر لە دانانی هۆنراوەكاندا سنوردارتر بووە لەوەی بتوانێت درێژی بكاتەوە بۆ داستان ، هەروەها ئەگەر بەوردی سەیریان بكەین دەبینین دیمەنەكان كەمتر پێكەوە گرێدراون لەو بەرهەمانەدا ، جگە لەمەش زمان لەو دەقانەدا زیاتر زمانێكی كوردی پەتیە و شێوازی دەقەكانیش شێوازێكی كوردی ڕێكوپێكە ، كە بۆ چینی خوارەوەی كۆمەڵ دەستدەدات و دورە لە شێوازی بەرزی داستانی, هەروەها لەو بەرهەمانەدا نوسەر توانایەكی خەیاڵی چاكی بەكارهێناوە وەكو فڕینی پاڵەوان و پەیدابونی شەیتان و شمشێری سەیرو سەمەرە و كورتكردنەوەی كات و ...هتد بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی ڕوداو و شوێنی داستانی لەبەرئەوەی ڕوداوەكان لق و پۆپیان لێ نابێتەوە بەو شێوە فراوانە ، لەلایەكی تریشەوە گێڕانەوەی ڕوداوەكان دورە لەشێوازی گێڕانەوەی داستانی, هەرچەندە شاعیر گەلێك جار بەشێوازی كەسی سێیەم دەدوێت ، بەڵام ڕاستەوخۆ بە شێوەیەكی زنجیرەیی ڕوداوەكان دەگێڕێتەوە و گەلێ جاریش خودی خۆی دەخاتە نێو چیرۆكەكەوە , هەروەكو ئەوەی لە كۆتایی گەلێ لە چوارینەكان دەبینرێت .

ئەم بنەمایانە و بەربڵاوی چیرۆكی (مەمی ئالان) ی فۆلكلۆری لەسەر زاری خەڵك وایكرد, كە خانی داستانی (مەم و زین) بنوسێت . گومان لەوەدا نییە ، كە زۆر پێش خانی چیرۆكی (مەمی ئالان) لەنێو كوردانی باكوری كوردستان و كوردانی دیكە بەگشتی یەكجار بەربڵاوبوە , هەروەها لەبارەی ڕوداوەكەش بەپێی دەقەكەی خانی بێت, بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی میرانی جزیرە و بۆتان دەگەڕێتەوە, بەڵام هەندێك ڕۆژهەڵاتناس لەو باوەڕەدان ، كە بابەتەكە زۆر كۆنە و سەردەمەكەی نازانرێت , خانی وەستایانە هاتوە چیرۆكی (مەمی ئالان) ی فۆلكلۆری گۆڕیوەتە سەر بونیاتێكی داستانی , هەروەكو خۆی دەڵێت :

نەغمێ وە ژ پەردەیێ دەرینم

زینێ و مەمێ ژنو ڤەژینم

(خانی , 2005 : 66)

واتە ئەو گەنجینەیە بە بەهایە لەژێر پەردەدا دەربێنم و لەسەر زارانەوە ڕزگاری بكەم و شێوەیەكی نوێی پێ ببەخشم , خانی ئەو چیرۆكەی بەشێوەیەكی داستانی لەماوەی ساڵێكدا هۆنیوەتەوە ،هەروەكو خۆی دەڵێ:

ئینایە نەزم و ئینتیزامێ

كێشایە جەفا ژبۆ وی عامێ (خانی،2005: 57)

واتە بە ساڵێك نوسیویەتی و ڕەنجی لەگەڵ كێشاوە و لەتەمەنی چل و چوار ساڵیشدا مەم و زینی نوسیوە , وەك خۆی دەڵێ:

ئیساڵ گەهشتە چل و چاران

وێ پێشڕەوی گونەهكاران. (خانی، 2008: 170)

واتە لە ساڵی (1105) ی كۆچیدا خانی لە نوسینی دەقەكە بۆتەوە , چونكە پێشتر خانی باسی خۆی دەكات ، كە لە ساڵی 1061 هاتۆتە دونیاوە .

لەو ڕا كودەما ژ غەیب فەك بو

تەئریخ هزارو شێست و ئێكبوو

(خانی , 2008 : 170)

مەم و زین لە (2557) دێڕە شیعر هۆنراوەتەوە , كەسی دیكەی وەكو سەجادیش لەو باوەڕەدان كە(2661) دێڕە . (سەجادی , 1389: 232) بەڵام لە باوەڕپێكراوترین نوسخەدا كەنوسخەی چاپی ئەستەمبۆڵی (1919) یە و لەلایەن (هەمزە مۆكسی بڵاوكراوەتەوە) ژمارەی دێڕەكانی (2557) دێڕەو لەسەر دەستنوسێك نوسراوەتەوە ,كە وەكو لەبەرگی پێشەوەی كتێبەكە نوسراوە ( و كتابا كومە ژ استنساخ كری (1165) دا عزیز كری شێرمام زید نڤیسیبووخدا رحما خوە لی بكە) واتە ئەو نوسخەیەی ئێمە لەسەر نوسخەیەكی دیكە ، كە عزیزی كوڕی شێر مام زێد لەساڵی (1165) ی كۆچی (17511-1752) ی زایینی نوسیبویەوە. (مەم و زین ,1919 : 137). بۆیە ڕاسترین و چاكترین و پاكترین نوسخەیە چونكە بەچەند ساڵێكی كەم واتە (چل و سێ یا چل و چوار ساڵ) دوای مردنی خانی نوسراوەتەوە.

جگە لەو چاپە چەندەها دەستنوسی چاپی دیكەی مەم و زین وەكو ( چاپی 1947 ی بەشیر شێخ حەسەن لە حەلەب و گیوی موكریانی 1954 هەولێر , محمد سعید ڕەمەزان بۆتی 1957 دیمەشق , ڕۆدینكۆ مۆسكۆ , بۆزئەرسەلان 1968 ئەستەمبۆڵ ,محمد ئەمین عوسمان 1990 بەغداد , ئیبراهیم دۆسكی 2005 ...)هەن .( خەزنەدار ,2010 :303-400) .

داستانی مەم و زین لەڕوی ڕوخسارەوە لەسەر كێشی هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزوفە و لەهەندێ جێگەشدا لەجیاتی مەحزوف دەبێتە مەقسور , لەڕوی قافیەشەوە لەسەر مەسنەوی , یا جوت سەروا (ا ا) (ب ب) دانراوە ، كە زۆر گونجاوە بۆ شیعری داستانی (خەزنەدار،2010: 398 ) خانی لەڕوی سەرواوە سودی لە مەسنەوی وەرگرتوە، لەبەرئەوەی پێش خۆی چەند بەرهەمێكی دیكەی وەكو(شاهنامە و منطق الطیر) بەو شێوازە هۆنراوەتەوە و شیعری درێژن، هەروەها لەبەرئەوەی لە داستاندا یەكێتی سەروا شتێكی ئەستەمە و شاعیر ناتوانێت چەند هەزار بەیتێك لەسەر یەك جۆر سەروا بهۆنێتەوە, لەڕوی ناوەڕۆكیشەوە داستانەكە دابەشكراوە بۆسەر (60) بەش (وەكو لە چاپی ئەستەمبوڵ) دا كراوە و هەر بەشێك ناونیشانێكی بۆ دانراوە

هەربەشێك لەمانەشدا لەچەند دێڕێكدا خۆی دەنوێنێت و گەورەترین پارچە (97) دێرو بچوكتریشیان (10) دێڕە لە كۆی داستانەكەشدا(شەش هەزارو پازدە وشەی عەرەبی و نۆسەد و بیست و هەشت وشەش فارسی و بیست و یەك وشەش توركی تێدایە ( خانی، ا، 2008 : 23) , بابەتی داستانەكە بریتییە لەگێڕانەوەی چیرۆكێكی (دڵداری نێوان مەم و زین) كە وەكو پەردەیەك وایە بۆ ئەوەی شاعیر لە پەنایەوە هەندێ مەبەستی نەتەوایەتی خۆی پێ دەربڕێت , ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ زاڵی هەستی ئیسلامگەرایی لەو كاتەدا , چونكە بە هەموو جۆرێك ( نەتەوەگەرایی) ی ڕەتكردۆتەوە , بۆیە شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو عیشقەوە عەشقی نەتەوەیی دەربڕێت :

شەرحا غەمێ دل بكەم فەسانە

زینێ و مەمێ بكەم بەهانە

(خانی ,ب، 2008 : 51)

واتە مەبەستی خانی زیاتر دەردە دڵكردن و دەربڕینی هەستە نەتەوەییەكەیە , نەوەك مەم و زین , چونكە لە ڕێگەی ئەوەوە دەیەوێت بیرو هزری سیاسی و كۆمەڵایەتی خۆی دەربخات.

**٣.هۆیەكانی بەداستان دانانی مەم و زینی خانی**

گرینگترین خاڵ لەو باسەدا ئەوەیە ، كە بۆچی ئێمە مەم و زین بە داستان هەژمار دەكەین لە كاتێدا بەرهەمەكانی پێشوترمان بە داستان دانەناوە , وەڵامی ئەم پرسیارەش چەند لایەنێك لە خۆدەگرێت كە لە چەند خاڵێك دا دەیانخەینەڕو :

1.خانی لە دانانی مەم و زیندا وەكو داستانبێژانی دیكەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی سەرەتای داستانەكەی بە (دیباجە) دەست پێكردوە , ئەمەش لە جیهانی داستاننوسیندا خاڵێكی سەرەكی و گرینگە, چونكە داستان بێ پێشەكی نابێت , تەنانەت لە داستانە هەرە نوێكانیشدا پێشەكی بونی هەیە و بەشێوەیەكی گشتیش لە هەردو جۆری داستانی ڕۆژئاوایی و ڕوژهەڵاتیدا دیباجە بە پاڕانەوە لە خوداوەندان دەست پێدەكات ,خانی لە دیباجەی مەم و زیندا بەم شێوەیە دەست بە هۆنینەوەی داستانەكەی دەكات :

سەرنامەی نامە نامی ئەڵڵا

بێ نامێ وی نا تەمامە واللە

ئەی مەتڵەعی حوسنی عیشق بازی

مەحبوبی حەقیقی و مەجازی

نامێ تەیە لەوحنامەیا عیشق

ئیسمێ تەیە نەقشی خامەیا عیشق

بێ نەقشی تە نەقشی خامە خامە

بێ نامێ تە ناتەمامە نامە

(خانی ,ب، 2008: 35)

2.یەکێك لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی داستانی نەتەوەیی هەر گەلێك بریتییە لە وەسف کردن و نیشاندانی داب و نەریت و بیروباوەڕی ئەو گەلە، لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و ئایین و ڕێوڕەسمەکانی.

خانی لە مەم و زیندا وێنەی شارستانیەتی کورد و کۆشك و کۆشك و تەلارو بیناسازی و لایەنی پزیشکی و موسیقا و گەوهەرو موجەوهەراتی وابەستە بە ژنان و جلوبەرگ و پۆشاکی کوردی ژنانە و پیاوانە و منداڵ و پیرو کەرەسە و کەلوپەلی خواردەمەنی و جۆرەکانی خۆراکمان نیشان دەدات و وەکو کەسێکی کوردی لێزان و شارەزا وەسفیان دەکات .

(رسول , 1979: 105-127) .

3.خانی لە مەم و زیندا بنچینە و چینە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵی کوردی دەردەخات و هەر چینێك لەمانە بە هەبونی جیاوازە لەگەڵ چینەکەی دیکە جیادەکاتەوە و ئەو جیاوازییانەش هەم لەڕوی ماددی هەم لەڕوی مەعنەوییەوە نیشاندراون .

4.بونی کێشەی نەتەوەیەك , کە یەکێکە لەو لایەنانەی لەڕوی ناوەڕۆکەوە داستانی پێ جیادەکرێتەوە، بە زۆری داستانوس باس لە گرفتێك دەکات ، کە توشی نەتەوەکەی خۆی هاتوە ,یا باس لە کێشەی گشتی و مرۆڤایەتی دەکات (ئەمە بە تایبەت لە داستانەکانی کۆمیدیای خودایی و بەهەشتی ونبو دەبینرێت) خانی لەمەم و زیندا باس لە گرفتی نەبونی پادشایەکی بەهێزو حەکیم لەنێو کورددا دەکات کە تا ئەو سەردەم نەبووە , ئەو پادشایە بەهێزە لە دیدی خانییەوە بریتییە لە کەسێك ، کە بتوانێت وڵات ڕزگار بکات لە ژێردەستەیی و هەنگاوبنێت بەرەو سەربەخۆیی وڵات و ڕێزگرتن لە ئەدەب و هونەرو کەسانی خاوەن بەهرە و بوژاندنەوەی پیشە و پیشەگەری و لێدانی سککەی کوردی ئەمەش لەڕاستیدا لە پەیدابونی کوردەوە ،تاوەکو ئەم ڕۆژگارە گەورەترین کێشەی نەتەوەیی کوردە ، کە بەدەست قەیرانی بێ سەرکردەییەوە دەناڵێنێت , ئەم هۆکارەش وادەکات ، کە خانی لەژێر پەردەیەکی دڵدارییەوە بتوانێت مەبەستە سیاسیەکانی دەربڕێت , واتە مەبەستی سەرەکی خانی بریتی نییە لەوەی ، کە تەنیا باس لە عیشق بکات ، بەڵکو گەرەکیەتی لە ڕێگەی دەمارگیریی نەتەوەییەوە بۆ بابەتەکان بچێت , ئەو دەماگیرییەش لای خانی بوتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هۆنراوەکە بەزمانانی دیکەی وەکو (عەرەبی و فارس و تورکی) نەنوسێت :

گەر دێ هەبوا مە سەر فرازەك

ساحێب کەڕەمەك سەخەن نەوازەك

نەقدێ مە دبویە سکەی مەسکوك

نە دەما وەهە بێ ڕەواج و مەشکوك

هەرچەند کو خالیس و تەمیزن

نەقدین بەسکە عەزیزن

گەر دێ هەبوا مە پادشاهەك

لائق بدیا خودێ کەلاهەك

تەعیین ببوا ژبۆ وی تەختەك

زاهیر ڤەدەبو ژ بۆمە بەختەك

(خانی , 2008: 45)

یا لەبارەی ئەو هەستە دەمارگیرییەوە دەڵێت :

یەعنی نە ژ قابیل و خەبیری بەلکی بە تەعەسسوبی و عەشیری

حاسل ژ عیناد گەر ژ بێداد ئەڤ بیدعەتە کر خیلاف موعتاد

(خانی ,ب، 2008: 47)

5.خانی ڕێچکەی داستاننوسانی گرتوە و شکلێکی داستانیانەی بە گێڕانەوەی ڕوداوەکان داوە، لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ نایەت ڕوداوی سەرەکی دەقەکەی بخاتەڕوو , بەڵکو داوا لە ساقی دەکات، کە جورعەیەکی بداتێ و سەرخۆشی بکات , ئەوەش پەردە پۆشکردنی ڕوداوە سەرەکیەکەی سەرەتایە ، کە نەبونی یەکگرتویی و بێ پادشایی کوردە، کە دواتر خانی ڕوداوی مەم و زینی بۆ زیاد دەکات , واتە لە نێوان ئەو دوو ڕوداوە خەمی خانی زیاتر ژێردەستەیی کوردە، نەوەك ئەوەی مەم و زین بێت وەکو خۆیشی ئاماژەی بەوە کردوە ، کە مەم و زین کراوەتە بەهانە بۆ شەرحی ئەو نهێنیەی لەنێو دڵی دایە.

6.یەکێتی شوێن : لەم داستانەدا (جزیرە) تاکە شوێنی ڕودانی ڕوداوەکانە و خانی یەکەی شوێنی پاراستوە لە داستانەکەدا و هەرچەندە وەسفی دەوروبەری شوێنەکان دەکات ، بەڵام هیچ ناوێك بۆ ئەم شوێنانە بەکار ناهێنێت , هەروەها لە داستانەکەدا هەندێ شوێنی خەیاڵی ئاسایی و هەندێکی دیکە شوێنی فانتازین و لە واقیعدا هەستیان پێ ناکرێت (شێخ , 2009: 142-143) بەڵام گرینگترین شت لەمەدا پاراستنی شوێنە بنچینەییەکەیە ، کە شوێنێکی نەتەوەییە ئەویش شاری (جزیرە)ی بۆتانە, ئەمەش دوبارە دیدێکی نەتەوەپەرستانەی خانی دەنوێنێت .

7.داهێنانی کەسایەتی خەیاڵی و کارەکتەری سەروی واقیع وەکو (خدری زیندە) و (پیری غەیبزان) کە لەکۆتایی داستانەکەدا ئەو خەوە دەگێڕێتەوە ، کە چوە بۆ بەهەشت و لەوێدا بەکر و مەم و زینی دیوە , ئەمەش لە ڕاستیدا ڕەگەزی هاندان و تامەزرۆکردنە لە داستاندا , هەروەها ڕازاندنەوەی دەق و پەردەپۆشکردنییەتی بە ڕوداوی سەیرو سەمەرە ، کە مێشکی مرۆڤ سەرقاڵ دەکات و بەوەش دەق دەباتە دەرەوە لە چیرۆکێکی ئاسایی , هەروەها خانی نوشتە و فاڵگرەوەشی هێناوەتە نێو دەق ، کە ئەمەش ڕوکارێکی پێشبینی کردن دەبەخشێت بە داستان و خاسیەتێکە لە خاسیەتەکانی داستان .

8.لە ڕوی هونەرییەوە داستانەکە لە دێڕی یەکەمەوە تاوەکو دێڕی دواهەمین ڕەچاوی یەك جۆرە کێشی کردوە و لاینەداوە، با پێیەکانی دوایشی لە مەحزوفەوە بۆ مەقسوڕ گۆڕابێت , لەلایەکی تریشەوە خاسیەتی سەرەکی داستانی ڕۆژهەڵاتی بریتییە لە مەسنەوی بون , کە خانی لەو دەقەدا ئەمەشی ڕەچاو کردوە و تا کۆتایی داستانەکە شیعرەکە لەسەر جوت سەروا دەڕوات .

9.فەلسەفەی داستانی : هەر بەرهەمێکی داستانی بگرین فەلسەفەیەکی قوڵی مرۆڤ لە پشتیەوە خۆی حەشارداوە , (مەم و زین)یش خاڵی نییە لە فەلسەفەی خاوەنەکەی , خانی لە (مەم و زین)دا باوەڕی بە فەلسەفەی چاکەکاری و لێخۆشبون هەیە لە هەردو دونیادا ئەم بیرەش لە ڕێگەی تەسەوفەوە دەگەیەنێت , هەروەها باوەڕی بەو چارەنوسە هەیە کە خودا بۆ مرۆڤ دیاری دەکات , جا چاك بێت یان خراپ و مەرج نییە گشت مرۆڤێکی خراپ بچێتە ئاگر و مرۆڤی باشیش بچێتە بەهەشت , ئەم بیرەش زیاتر لە دیمەنەکانی کۆتایی داستانەکە دەردەکەون کاتێك بەکری مەرگەوەڕ لە بەهەشتدا دەبینرێت لە بەرامبەر ئەو خراپانەی کە ئەنجامیداوە لەسەر زەوی .

10.لەگەڵ ئەوەی هەندێ لێکۆڵەر باوەڕیان وایە کە خانی ویستویەتی مەم وزین لە قاڵبە ئەفسانەییە فۆلکلۆرییەکەی دەربهێنێت , بەڵام ئێمە لەو باوەڕە داین ، کە ئەگەر خانی ئەوەشی کردبێت (بەنمونە لادانی ئەو پەرییانەی کە لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکە دەیانەوێت مەم و زین بەیەك بگەیەنن , یاخود لادانی ئەو کاتەی کە ئەنگوستیلەی دەستی مەم و زین دەگۆڕدرێن هی زین دەچێتە دەستی مەم و هی مەمیش دەچێتە دەستی زین دوای ئەوەی بەیانیەك لەخەو هەڵدەستن ) بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوەتی خۆی دەرباز بکات لە کەرستەی ئەفسانەیی ,یاخود نەیویستوە , بەڵگەشمان بۆ ئەوە هێنانە پێشەوەی جەژنی نەورۆزە لە سەرەتای داستانەکەدا ، کە بێگومان بونیادێکی ئەفسانەیی هەیە ,هەروەها خولقانی ئەو کارەکتەرەیە کە لەکۆتاییدا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی توانای ئەوەی هەیە بچێت بۆ بەهەشت , جگە لەمەش (جادونوس) و (فاڵگرەوە) ش لە دەقەکەدا کە توانای خوێندنەوەی عاشقبونی (زین و ستی)یان هەیە بە مەم و تاژدین، هەروەهاش چیرۆکی ئەو دو دارەی کە لە کۆتاییدا لەسەر گۆڕی مەم و زین شین دەبن و دارەکەی بەکری مەرگەوەڕیش ، کە لێکیان جیادەکاتەوە هەمدیسان ڕوکارێکی دیکەی ئەفسانەیی دەقەکەیە , بۆیە خانی نەیتوانیوە , یا نەیویستوە وەکو ئەوەی سەرەتای داستانەکەی (چیرۆکی سێ پەرییەکە) ی گۆڕی بۆ سەرەتایەکی خەیاڵی , ئاواش کۆتایی بە داستانەکە لە کۆتاییەکی ئەفسانەییەوە بگۆڕێت بۆ کۆتاییەکی خەیاڵی سەرچاوە گرتوە لە واقیع. (شێخ , 2009 : 167) .

11.هەڵبژاردنی پاڵەوان لە دەربار: زۆربەی پاڵەوانەکانی نێو داستانی مەم و زین بریتین لە کەسانی نزیك لە پادشا و دەست و پێوەندی ئەون , هەروەها پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە (مەم) کوڕی ڕاوێژکاری گەورەی میرە و تاژدین کوڕی ئەسکەندەری وەزیری میرە , زین و ستی خوشکی زێندینی میرن و عارف و چەکۆ برای تاژدینن ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی لە سەر بەداستان بونی دەقەکە چونکە داستان مامەڵە لەگەڵ کەسانی پایە بەرزو ناوادارو ناسراو دەکات ، کە لەگەڵ کەشی دەرباردا زیاتر یەك دەگرێتەوەو سەردەمەکەشی سەردەمی پاشایەتییە .

12.بەرزی شێواز : لەڕوی زمانەوه خانی توانیویەتی ئاستێکی بەرزی زمانی نوسینی کلاسیکی نیشان بدات و ئەو زمانەش کوردییەکی تێکەڵاوی چینێکی بەرزی ڕۆشنبیری ئەوسا بوە و تێکەڵاوە لەگەڵ وشەی عەرەبی و فارسی و لێکچواندن و خوازە و خواستن و ڕەگەزدۆزی و لایەنەکانی دیکەی جوانکاری , ئەمەش ئاستێکی بەرزی شیعرییەت دەخوڵقێنێت و داستانیش زیاتر لەهەر جۆرێکی دیکەی ئەدەبی پێویستی بە شیعرییەتە لەبەر ئەوە هەمو کەس ناتوانێت بە ئاسانی لەزمانی خانی بگات و لەو ڕووەوەی کە زمانەکەی زمانێکی دەستەبژێرو تێکەڵاوکراوە بە واژە فەلسەفی و سۆفیگەریی و عیرفانیەکانی ڕۆژهەڵات.

هەروەها لە ڕوی گێڕانەوەشەوە خانی سودی لە دوو جۆر جێناو وەرگرتوە، (من) کە زیاتر لەو شوێنانە بەرچاو دەکەوێت کە داوای لێخۆشبون دەکات لە قاپی خواوەند , یا کە دەیەوێت دەردەدڵی خۆی بکات , (ئەو ) کەسی سێیەم کە زۆرجار بەناوی کەسەکە خۆیەوە گێڕانەوەکەی ئەنجام دەدات ئەمەش هەر لەسەر (کەسی سێیەم ) هەژمار دەکرێت و زۆر جاریش خانی ناوی خۆی لەنێو بەشەکانی داستانەکەدا دەهێنێت بە تایبەتیش لە کۆتایی بەشەکاندا , ئەمەش خاسیەتی شیعری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییە (غەزەل و قەسیدە) کە پێشوتر لەسەر دەستی جزیری هێنرابوە نێو ئەدەبی کوردییەوە ئەو وشەیەش هەر لەسەر کەسی سێیەم حیساب دەکرێت چونکە (ناو) ە ، بۆیە کاریگەری لەسەر بابەتیەتی دەق نابێت , بە بۆچونی ئێمە سەرباری سود وەرگرتن لە هونەرەکانی شێوازو ڕەوانبێژی و کێش و سەروای ئیسلامی, بەڵام شێوازی خانی لەو داستانەدا جۆرە شێوازێکی داهێنراوە ، کە تێیدا (من) تێکەڵاو دەبێت بە (ئەو) و هەردوکیان پێکەوە یەك ڕۆڵ لە بابەتەکەدا دەگێڕن, با کرۆکەکەشی وەرگیراو بێت .

واتە دەتوانین بڵێین کە خانی هەڵگری شێوازێکی شیعری داستانی تایبەت بە خۆیەتی هەروەك چۆن لە سەرەتادا لە نێو کورد بۆ یەکەمجار شیعری داستانی نوسراوی هێنایەکایەوە , بەهەمان شێوەش شێوازی داستانیشی بۆ یەکەمجار لەنێو کورددا بە سود وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی شیعری ڕۆژهەڵات و دامەزراندوە .

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتوین لە چەند خاڵێکدا دەیخەینەڕوو:

١.هیچ یەکێک لەو دەقانەی لەناو ئەدەبی کوردیدا لەماوەی ڕابردوو بە داستانی نووسراو دانراون(بەپێی پێوەرە جیهانییەکان ناچنە ناو خانەی داستانەوە، جگە لە مەم و زینی خانی.

٢.خانی یەکەم نوسەری کوردە داهێنەری شیعری داستانی بێت لەناو ئەدەبی کوردیدا.

٣.بەشێکی زۆری ئەو تایبەتمەندییانەی لە شیعری داستانی نەتەوەکان دەبینرێت، لە مەم و زینی خانیشدا بەرچاو دەکەون.

٤.شێوازی خانی شێوازێکی بەرز و باڵایە و هاوتای شیعری داستانییە و پاڵەوانی لە چینی سەرەوە هەڵبژاردوە و یەکێتی شوێنی پەیڕەو کردووە و وەکو داستان نوسانی بەرایی بە دیباجە دەست بە هۆنینەوەی داستانەکەی دەکات .

٥. خانی فەلسەفەیەکی بەهێزی هەیە، کە خۆی لە عیشق و خۆشویستنی مرۆڤ دەبینێتەوە، ئەمەش بنچینەی شیعری داستانییە، کە بوونی جۆرە فەلسەفەیەکە لەناو دەقەکەدا.

٦.ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و کلتوری کۆمەڵی کوردی و بونی کێشەی سەرەکی نەتەوەیەک، کە یەکنەگرتویی و نەبونی دەوڵەتە، کە لای زۆربەی نەتەوەکان بنچینەی داستانە.

**سەرچاوەکان:**

**بە کوردی**


- ئەبوبەکر، هەڤاڵ(د) ، 2007، چەشنە ئەدەبییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا، چ1، بنکەی ژین، سلێمانی.
- ئۆسکارمان ،2006، توحفەی موزەفەرییە ، هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی هێمن موکریانی، چ2، ئاراس، هەولێر.
- خانی،2008،مەم و زین،ا ، شەرحی هەژار، چ2، ئاراس، هەولێر، 2008.
- خانی ، 2005، مەم و زین، ئیبراهیم دۆسکی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خانی ، 2008، مەم و زین،ب، پێشەکی و لەچاپدانەوەی نەجاتی عەبدوڵڵا، چ1، ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار ، مارف(د)،2010،مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی دوەم ، چاپی دوەم، ئاراس، هەولێر.
- ڕەسول ، شوکریە(د)،1989، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ، چ1، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر.
- ڕەسوڵ ، عیزەددین مستەفا(د)، 1979، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ، چ2،، سلێمانی.
- سەجادی ، عەلائەددین، 1389، مێژووی ئەدەبی کوردی، ،چ3، انتشارات کردستان، سنندج.
- شێخ ، سەنگەر قادر ، 2009، بونیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلیدا، ، چ1، موکریانی، هەولێر.

- فەقێی تەیران ، بەرصیصی عابد، 2000، بڵاوكردنەوەی عبد الرقیب یوسف، چ1، ئاراس، هەولێر.

**بە عەرەبی:**

- حجار ، طاهر،1985، الادب و الانواع الادبية، نخبة من الاساتذة، ، ط1، طلاس للدراسات و الترجمة و النشر،دمشق.
- رسول ، عزالدين مصطفى ، 1979، احمدى خانى، شاعرا و مفكرا، فيلسوفا و متصوفا، ، ط1، مطبعة الحوادث، بغداد.
- غريب ،جورج،؟، الشعر الملحمى، تاريخة و اعلامة، سلسلة الموسوع فى الادب العربى6، دار النعمان للنشر و التوزيع، بيروت-لبنان، بدون تاريخ الطبع.
- فنسنت ،1978، نظرية انواع الادبية، ، ترجمة، د.حسن عون، ط1، مكتبة رويال ، الاسكندرية.

**بە فارسی:**

- شميسا ، سيروس(د)،1393، انواع ادبی، ، چاپ چهارم، نشر ميترا، تهران.
- صفا ، ذبيح الله(د) ،1321، حماسەسرايى در ايران، چ1، نشر امير كبير، تهران.



**ملخص**

هذا البحث الموسوم ب(الملحمة الكردية تحت الضوء المعاير الملاحم العالمية، مم و زين لاحمد الخانى نموذجا)فهى الدراسة النظرية حول الوجود و الخصائص و الظهور الملحمة الكردية باعتماد المعاير العالمية للملحمة، و يتكون من المقدمة و الفصلين، فى الفصل الاول شرحنا(المفهوم و المصطلح و الجوهر و اخيرا الاسلوب الشعر الملحمى)، اما فى الفصل الثانى حاولنا ان نكشف دور احمدى خانى فى ضهور الملحمة الحقيقية فى الادب الكردى و فى ذلك اعتمدنا على المنهج المقارن لتثبيت الاراءنا حول وجود او عدم وجود الملحمة الكردي.



**Abstract**

This research is entitled (The Kurdish Epic in Light of Standards of International Epics: Mem we Zein Khani as a Study Case). The research is about analytical description of the above study case, it is composed of an abstract and two main sections. The first section describes and discusses the following subjects (concept, dialect, definition, history, core of the subject, and the style of the epic poetry). The second section is made up of a brief explanation of the Kurdish Epic and the assessment of Mem wa Zin in light of standards of international epics. Besides, the reasons of considering Mem wa Zin as an epic are shown. Finally, the question: Does Kurd have an Epic or not is answered in the conclusion part.